جیابوونەوەی (یەکگرتووی ئیسلامی) لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، چۆن لێکدەدەیتەوە..؟

سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵڵا:

یەکگرتووی ئیسلامی موغامەرە بەئایندەی خۆی دەکات، لەسەر دەنگی کورد لەبەغدا

بەر لەوەی ماوەی پێشکەش کردنی ناوی حزبو گروپە سیاسییەکان بۆ مفەوەزیەی باڵای هەڵبژاردن تەواو بێ، لەناکاو نەخشەی سیاسی لەئێراق گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەر داهات، شیعەکان بەباڵی سەدریشەوە دەیانەوێ بەیەك لیست بەشداری لەهەڵبژاردن بکەن، لەکوردستانیش یەکگرتووی ئیسلامی بڕیاری داوە بەلیستێکی جیا لەلیستی هاوپەیمانێتی کوردستان بەشداری بکات، بەمەش هەڵوەشاندنەوەیەك لەم هاوپەیمانییە روویدا. ئەگەر چی سونەکانیش هیچ کاتێك ئاستی تەباییان لەنێو خۆو دەرەوەدا وەك پێویست نەبووە، بەڵام وادیارە لەم خولەی هەڵبژاردن گۆڕانکاری بەرچاو بەسەر هەڵوێستو هاوپەیمانێتییە سیاسییەکانیان داهاتووە، سونەکان بەنیازن بەدوو لیست دابەزن، ئەگەر چی ئەم شێوە دابەزینە، لەم بارودۆخە، بەڵگەی هەبوونی درزێکی گەورەیە لەنێو ماڵی سوننەی عارەب، بەڵام لەلایەکی تریشەوە ئاماژەیە بەسەرکەوتنی جەمکی کاری سیاسی لەئێراق لەبەرامبەر کاری توندوتیژی چەکداری، کەشتێکی دڵخۆشکەرە.

سوننەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەدوولیست دابەزیوون، لیستێکیان بەناوی (جبهة التوافق العراقیة، لیستەکەی تریشیان بریتییە لەو حزبو گروپانەی لەژێر ناوی مجلس الحوار الوطنی بەسەرۆکایەکی سالح المطلك، هەندێ لەکەسایەتی ئەکادیمیو تەکنۆکرات پێکهاتووە.

ئەم سێ هێزە سەرەکییانەی ئێراق بەدڵنیاییەوە لەم خولەی هەڵبژاردن تێڕوانینی تریان لا بەرجەستە بووە، بەرەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەش لەدوای هەڵبژاردن کاریگەری بەرچاوی بەسەر دەستوورو ئایندەی ئێراقدا دەبێ.

لەکوردستان، دابەزینی یەکگرتوو بەلیستێکی جیا، کۆمەڵێك خوێندنەوە دێنێتەوە، لەوانە:

ـ خەڵکی کوردستان (بەتایبەتی لایەنگرانی پارتیو یەکێتی) لەگەندەڵیو سیاسەتە چەوتەکانی هەردوو لا بێزارن، یەکگرتوو بەم هەنگاوە گرەوە لەسەر راوکردنو هەڵلوشینی ئەم دەنگانە دەکات، ئەمەش وەك ماسیە لەناو مامەڵەی بکەی!

ـ یەکگرتوو لەرووکەش دەڵێ: بەم هەنگاوەمان گۆمی ململانێی سیاسی لەکوردستان دەڵەقێنین، بەڵام لەراستیدا هەنگاوێکی زیرەکانەی سەرکردایەتی سیاسی یەکگرتووە، بۆ هەنگاونان تاپێ بنێنە قۆناغێکی تری خەباتی سیاسی، قۆزتنەوەی ئەم هەڵە سیاسیە زیاتر لەبەرژەوەندی بەرنامەی ستراتیژیەکی یەکگرتوو دایە، کەدامەزراندنی کۆمەڵگاو دەسەڵاتێکی سیاسی ئیسلامییە لەکوردستان واتە تێکەڵاوکردنی دینو دەوڵەت، ئەم خوێندنەوەیەی یەکگرتوو بۆ کۆمەڵگای کوردستانی دوای رووداوەکانی کەلار ئاکرێ و راپرسییە گشتییەکەی سەر دەستوور، هانی یەکگرتووی داوە مغامرەیەك بەئایندەی خۆی بکات لەسەر دەنگی کورد لەبەغدا، سەرکەوتن لەم هەنگاوە بۆ یەکگرتوو دەستکەوتی گەورەی لەهەگبەیە، دۆڕانیشێ جگە لەپەرتکردنی دەنگی دەنگدەری کوردستانی بۆ یەکگرتوو وەك حیزب هیچ زەرەرێکی گەورەی نییە.

پەیامێکە بۆ سەرجەم ئیسلامییە ئەیارەکانی دژ بەهێزەکانی عیلمانیو پەرتەوازە دابڕاوەکانی کوردستان، تالەبەر رۆشنایی بەرنامەی زیاتر کارکردن بۆ بەئیسلامکردنی دەسەڵاتو یاسا لەهەرێمدا، سەرنجیان رابکێشێ، لەمیان لەململانێ سیاسیو لەرێگای یەکگرتوو دەنگی گروپە ئیسلامیەکانی ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەڵلوشێو ئەو هێزانەش لەلایەکی ترەوە بەپێی پرۆتۆکۆڵی نێوان لایەنەکانی هاوپەیمانی کوردستان بەشێکی تر لەکورسیەکان بەدەست بهێنن.

ـ یەکگرتوو دەیەوێ سەنگی خۆیو هێزە دژەکانی یەکێتیو پارتی بزانێ لەسەر ئاستی کوردستان، لەلایەك بۆ ریکلامەکانی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆییو جیهانی، لەلایەکی تر تالەخولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، بتوانێ فشاری زیاتر بۆ دەستکەوتی زیاتر دروست بکات، زیاتر بپرژێتە سەر هەوڵەکانی خۆی بەدیهێنانی بەرنامە سیاسییە ئاینییەکانیان، وەك لەچەند چاوپێکەوتنێکدا سەلاحەدین بەهائەدین ئاماژەی بۆ کردوو، دەڵێ: "کەکورد وەك نەتەوە مافەکانی لەدەستوورو چەسپا، ئێمە کار بۆ بەدیهێنانی بەرنامە ئیسلامییەکەی خۆمان دەکەین".

ـ بۆ زیاتر فشار دروستکردن لەسەر هەردوو حزب، ئەگەر لەکوردستان هەردوو حیزبەکە ملیان بۆ خواستی یەکگرتوو دانەنواند، ئەم لیستە جیایە سەربەستی دەدات بەیەکگرتوو تا یاری بەکارتەکانی فشار بکاتو ئەگەری بیرۆکەی هاوپەیمانێتی وەك فشار لەگەڵ هێزە ئیسلامییە سوننەکان لەبەغدا بخاتە روو، کەئێستا بەشێکی بەرچاو لەسوننەکان بەشداری پرۆسەی سیاسی دەکەن.

ـ ئەم هەنگاوەی یەکگرتوو، دەنگەکان لەکوردستان پەرت دەکات، بەم پەرتەوازبوونەی دەنگەکانیش، گورزێکی گەورە لەئایندەی سەرجەم هێزە سیاسییە عیلمانییەکانی کوردستانو ئێراق دەکەوێ.

یەکگرتوو وەك حزبێکی سیاسی مافی خۆیەتی ئەمجۆرە هەنگاوە پاسایانە بنێتو بەرە لەبن پێی هێزە بەرامبەرەکانی رابکێشێ، بەڵام هێزە سیاسییەکانی تری کوردستان، دژە بەرنامەیان بۆ ئەم هەنگاوەی یەکگرتوو دەبێ چی بێ؟

ئایە پارتیو یەکێتی بەم خێراییە دەتوانن گەندەڵییە ئیدارییەکانی هەردوو ئیدارە نەهێڵن؟ ئایە بەم ماوە کورتە هەردوولا دەتوانن خەرمانی هەڵەکانیان، بەکارو بەرنامەی دروست چارە بکەن؟ ئایە دەتوانن هەردوو ئیدارە بکەنەوە یەكو سیستەمی دامەزراوەی پەیڕەو بکەن؟

ئایا زۆر درەنگ نییە بۆ ئەم هەموو هەنگاوانە؟ ئایا لیستی هاوپەیمانی کوردستان تا چەند دەتوانێ لەراوکردنی دەنگی لایەنگرانی حیزبە ئیسلامییەکانی تری سەر بەلیستی هاوپەیمانی سەرکەوتووبێ؟ دەیان پرسیاری تر.

ئەم هەنگاوەی یەکگرتوو، دەبێ هێزە عیلمانییەکانی کوردستان رابچەڵەکێنێ، تا بەشێوازی کارکردنی خۆیان دابچنەوەو سیاسەتی خۆیان بگۆڕن. دەبێ پارتیو یەکێتی لەمەودوا بەهەمان ئاستو گرنگییەوە کار بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵیو ململانێی حیزبی بەرتەسك لەکوردستان بکەن، چونکە لەسەر حیسابی ئەمجۆرە ململانێیانە، هێزە عیلمانییەکان لاواز بوونەو دەبن. ئەم هەنگاوەی یەکگرتوو زەنگی خەتەرە بۆ چارەنووسی عیلمانییەت لەئێراق بەگشتیو لەکوردستان بەتایبەتی. بۆیە لەسەر ئەم حزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان پێویستە، بەر لەهەموو شتێك بیرلەجیاکردنەوەی دەسەڵاتی "حزبو دەوڵەت" بکەنەوە بەر لەجیاکردنەوەی دینو دەوڵەت چونکە واقیعی کوردستانو راستییە مێژووییەکان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، هەڵە سیاسیە مێژووییەکانی پارتیو یەکێتی لەکوردستان رێگای بۆ هێزانە خۆشکردووە کەداوای پێکەوە لکاندنی دینو دەوڵەت دەکەن.

کورتەی هەواڵ

تەرمی دوو کورد لە مەخموور

پ. هەولێر

لە رۆژی ٢٠٠٥\١١\٥ شوانێك لە رۆژئاوای شاری مەخموور تەرمی دوو کورد دەبینێتەوە کە لاشەکانیان دوای ئەوەی کوژراون لە و ناوچەیە فرێ دراون ، ئەمەو بە پێی زانیارییەکان ئەم دوو کوردە چەند رۆژێك پێش کارەساتەکە لەلایەن گرووپە توندرەوە ئیسلامیەکانەوە رفێنرابون .

سەرۆکی سەنتەری هونەری (دەنگ) دەگیرێت

پ . هەولێر

شەهرام نامیق .. کە هونەرمەندێکی شانۆکاری شاری هەولێرە لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەگیرێت و دواتر بە هۆی پەیوەندییەکانی مەڵبەندی هەولێری (ی.ن. ك.)ەوە ئازاد دەکرێت ، گیرانی (شەهرام نامیق) تەنها لەبەر ئەوە بووە کە لە سەر قەڵای هەولێر شانۆگەریەکی دەرهێناوە کە رەخنەی لە گەندەڵیەکانی حکومەت گرتووە . شایانی باسە هونەرمەندی ناوبراو دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانەو ، سەرۆکی سەنتەری هونەری (دەنگ) ە .

وێنەی رووتی کچان لەسەر مۆبایل

پ. هەولێر

وێنەی رووتی کچانی زانکۆ لە سەر مۆبایلەکانی هەولێر روو لەزیاد بوونە ، ئەمەو لە فولکەی ئاشتی شاری هەولێر کە بازاری مۆبایل فرۆشەکانە ، بە دوو هەزار دینار دەتوانیت وێنەی ئەو کچە رووتانە وەرگریت کە بە کوردی قسە دەکەن و یاری بە جەستەیان دەکەن .

بەڕێوەبەرێك پارە لەخوێندکاران وەردەگرێت

شەقام/پ. رانیە:

لەخوێندنگەیەکی ناوەندی شاری رانیە، بەڕێوەبەر پارە لەخوێندکارانی وەردەگرێ لەبەرامبەر ئەوەی هەندێ کەموکوڕی لەکارەبای خوێندنگەکەی بێ چاك دەکاتەوە. مامۆستا (ا.ش.م) کەبەڕێوەبەری خوێندنگەی کێوە رەشی ناوەندییە بڕی (٣٠٠٠)سێ هەزار دینار لەژمارەیەکی زۆری خوێندکارەکانی وەردەگرێو ئەم دیاردەیەش بۆتە ناڕەزایی زۆر کەسوکاری خوێندکارەکان لەمبارەیەوە کەسوکاری یەکێك لەو خوێندکارانە ئەو دیاردەیەی پشت راست کردەوە کەپارە لەمنداڵەکانیان وەرگیراوە تائێستا ئەو بڕە پارەیە لەنزیکەی (٣٠٠) سێ سەد خوێندکار وەرگیراوە.

مامۆستایەکی ئیسلامی جنێو بەکچە خوێندکارەکانی دەدات

شەقام/پ. رانیە:

مامۆستا (خ) کە لەقوتابخانەیەکی شاری رانیە وانە دەڵێتەوە سوکایەتی بەکچە خوێندکارەکانی دەکاتو تاڕادەی ئەوەی کەجنێوی ناشیرین بەو کچانە دەڵێت. ناوبراو سەر حزبێکی ئیسلامییەو مامۆستای قوتابخانەی (ك) ە لەشاری رانیەو بەوهۆیەوە گیراوە.

لەهەولێر هاووڵاتیەك دەکوژرێ

پ . هەولێر

دوای نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە ١٣/ ١١/ ٢٠٠٥ لە ناوچەی پیشەسازی باکوری شاری هەولێر لەلایەن چەند کەسێکەوە تەقە لە کەسێك بەناوی محێدین ئەحمەد دەکەن کەتەمەنی ٢٦ ساڵانە . لە ئاکامی ئەو تەقەکردنە ناوبراو گولەی بەرسەری دەکەوێت و بەو هۆیەوە گیانی لەدەستدا ، تائێستا لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە بەردەوامە تەرمەکەشی رەوانەی یەکەی داد پزیشکی نەخۆشخانەی رزگاری دەکرێت .

لەسۆران قاچاغچی مادەی بیهۆشکەر دەگیرێت

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سۆران دوێنێ پێنج قاچاغچی دەستگیر کرد کە دووانیان خاوەن ئاسنامەی ئێرانین .لەمبارەوە سەرچاوەیەك پێی راگەیاندین کە ئەو باندە قاچاغچییە بڕی حەوت کیلۆ و نیو لە مادەی بیهۆشکەریان پێبووە و لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سۆرانەوە دەستگیرکراون .

ئۆتۆمبێلێك لە سێ قوتابی کچی دا

پ . هەولێر

. پاش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ٢٠٠٥/١١/١٤ لە شەقامی سەد مەتری نزیك گۆڕستانی شێخ ئەحمەد ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپل ڤیکترا لە سێ قوتابی کچی دا کە هەرسێیان لەقۆناغی شەشی ئامادەییدا بوون و لە ئاکامی ئەو روداوە هەر یەك لە(ساکار ئەحمەد ، شیلان سلێمان ، سازگار ئەحمەد) بەشێوەی جیاجیا بریندار بوون . دەمودەست ئەو قوتابیانە دەگوازرێنەوە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و چارەسەری پێویستیان بۆدەکرێت پاشکردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەوە ، دادوەری لێکۆڵینەوە بەپێی مادەی ٢٤ هاتوچۆ بڕیاری دەستگیرکردنی (کاروان حەمەخان برزۆ) ی شوفێری دا.

ئێران، گاز لەسەر خەڵکی سەقز دەبڕێت

شەقام/ سەقز:

رۆژی ١٧ ی ئەم مانگە دەسەڵاتدارێتی ئێران لەشاری سەقز ماددەی گاز لەسەر خەڵکی ئەو شارە دەبڕن، تا ئێستاش نەخەڵکەکەو نە دەسەڵاتیش هیچ کاردانەوەیەکیان نەبووە.

مەهاباد قەرەداغی، کۆڕێك لەسۆران سازدەکات

شەقام/ سۆران:

لەچوارچێوەی وەرزێکی رۆشنبیری کە ناوەندی رۆشنبیری سۆران ماوەیەکە سەرقاڵییەتی ، رۆژی ١٧ ی ئەم مانگە کۆڕێکی بۆ نووسەرو شاعیر خاتوو مەهاباد قەرەداغی لەژێر ناوی (پرسی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگە) سازکرد.

لە بارزان نەوتی خراپ دابەشدەکرێت

شەقام/ بارزان:

لەماوەی هەفتەی رابردوودا لە دەڤەری بارزان نەوت بەسەر خەڵکی دابەشکراوە، بەڵام نەوتەکە نەوتێکی خراپ بووەو رۆن و گازی تێکەڵ بووە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم دابەشکردنە بۆتە هۆی گلەییەکی زۆر لەلای خەڵکەکە.

مین بە کارمەندێکی (ئێم ئەی جی) دەتەقێتەوە

شەقام/ رواندز:

رۆژی ١٧ی ئەم مانگە لە شارۆچکەی بەردەرەش و لەکاتی ئەنجامدانی کاری پاکسازی مین و تەقەمەنی لەو ناوچەیە مینێك بە کارمەندێکی رێکخراوی (ئێم ئەی جی)دەتەقێتەوە و بەسەختی بریندار دەکات.

لەسۆران، تەنها ٣٠ بلیت بۆ ئاهەنگەکەی تاتڵس فرۆشراوە

شەقام/ سۆران:

لەشارۆچکەی سۆران و لەو شوێنانەی کە بلیتی ئاهەنگەکەی ئیبراهیم تاتڵسازی لێدەفرۆشا ، تاکو ئێستا تەنها ٣٠ بلیت لەو ناوچەیەدا لەلایەن خەڵکەکەی کردراوە، بەو مەبەستەی لە ئاهەنگی ناوبراو ئامادە بن کە نرخی هەر بلیتێکیش ٢٥ دۆلار بووە.

لەسیدەکان مەلاریا بڵاودەبێتەوە

شەقام/ سیدەکان:

لەگوندی میجەسەری سەر بە شارۆچکەی سیدەکان چەند حاڵتێکی نەخۆشی مەلاریا دۆزراوەتەوەو، بۆ ئەم مەبەستەش لەم هەفتەیەدا پێنج هاوڵاتی تووشبوو بەو حاڵەتە گەیەنراونەتە نەخۆشخانەی سۆران.

پیاوێك لەگەرماو دەخنکێ

شەقام/ سۆران:

رۆژی ١٠ی ئەم مانگە لەگەرماوێکی شارۆچکەی سۆران بەناوی ئازادی پیاوێك بەناوی محمد بیلال خەلەف کە خەڵکی شاری ئورفەی باکووری کوردستان لەناو ئەو گەرماوەدا لەکاتی خۆشۆردن گیان لەدەست دەدا و دەخنکێ، ناوبراو شۆفێری لۆری کۆمپانیایەکە کە کاری هەڵگرتنی گازی دەکرد.

لەبەر بێ جێیی

ئافرەتێك خۆی تەسلیمی پۆلیس دەکات

پ . هەولێر

رۆژی ٢٠٠٥/١١/١٣ ئافرەتێك بەناوی (خ _ ع) کە هیچ شوێنێکی حەسانەوەی نییە سەردانی بنکەی پۆلیسی کوردستانی کرد و داوای کرد کە لە بنکەی "خانزاد" یاخود لەبەندیخانەی نەوجەوانان بکرێ بۆ حەوانەوەی. بە پێی گوتەی ناوبراو، دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاریدا بەپێی مادەی ٢٤٠ لەبەندیخانەی نەوجەوانان بەند بکرێ . شایانی باسە ئەم ئافرەتە بۆچەندین جارە لەبەر نەبوونی شوێنی حەوانەوە لە بەندیخانەی نەوجەوانان بەند دەکرێت و لە دوایدا ئازاد دەکرێت .

دیاردەی دڕاندنی جل و بەرگی تازە لە کۆگاکان

شەقام . پەیامنێر

زۆرجار دیاردەیەك لەشاردا لەلایەن خەڵکی باسی لێوە دەکرێ و بەشێوازێك بڵاو دەبێتەوە کەشارستانییەت و شێوازی پێشوەچوونی وڵات بەخۆیەوە ناگرێت، هەڵگرتنی چەقۆ وکەتەر و بەکارهێنانیانە لە چەندان کاری جیاجیا دا و بوونەتە مایەی بێزاری خەڵك . کەسانێك لە هەڵگری ئەو جۆرە ئامێرانە وەك خاوەنی یەکێك لەکۆگاکانی جل و بەرگ فرۆشتن باسی لێوەکرد، بۆ زەرەر گەیاندن بەخاوەنی کۆگاکان بەشێوازێك کەچەندان پارچە قوماش و قاتی نوێی جیاجیا لە کۆگاکانی فرۆشتنی جل و بەرگ بەکەتەر یا چەقۆ دەدڕێنن . ئەم کارەش بۆتە مایەی بێزاری کاسبکاران و وەك خۆشیان گوتیان ئەمە دیاردەیەکە دوورە لەشارستانییەت و رۆشنبیری، دەکرێ مرۆڤ ئاستی هۆشیاری بەشێوازێك بێت کە بیر لە زەرەر لێدانی خەڵك نەکاتەوە، دیارە دیاردەی جل دڕاندن یان سەقەتکردنی قاتی تازە لەکۆگاکان بۆتە مۆدێلی تازە لە شاردا و لێپرسینەوەش وەك خاوەنی کۆگاکان باسیان لێوەکرد، تا ئێستا نەبووە، دەشپرسن ئاخۆ کێ لەماجەکەی بەرپرسە؟

رووداوی هاتووچۆ

پ. سلێمانی

ئێوارەی رۆژی شەممە ٢٠٠٥/١١/١٢ کاتژمێر ٦:١٥ دەقیقە لەئەنجامی پێکداکێشانی (٤) ئۆتۆمبێل لەشەقامی سەهۆڵەکەی شاری سلێمانی کەپێکهاتبوو لە(تویتا نیسان ژمارە ١٦٢٠)و (تویتا دانسۆن قەمەرە ژمارە ١٣٥٢٢)و (bmw ژمارە ١٨٧٠٠)و (مۆنیکا ژمارە ٣١-٤١)، شایانی باسە لەئەنجامی ئەم رووداوە (٢) لەسەرنشینی ئۆتۆمبێلەکان دەسبەجێ گیانیان لەدەستداو (٦) سەرنشینی تریش بەسەختی بریندار بوون وێڕای زەرەرێکی گەورەی ماددی بەئۆتۆمبێلەکان کەوت.

(ملازم کاروان) وتەبێژ بەناوی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی فریاکەوتنی سلێمانی رایگەیاند، کەئەم رووداوە لەئەنجامی بێئاگایی شۆفێرەکان لەیاساسامانی هاتووچۆ خێرالێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکانیان ئەم کارەساتە روویداوە. هەروەها بەڕێزی داوای لەحکومەتی هەرێمو بەڕێوەبەرێتی گشتی هاتوچۆی سلێمانی کرد کەئێجراناتی توند بگرنەبەر بۆ بەسزاگەیاندنی ئەو شۆفێرو خەڵکانەی سەرپێچی یاسا ئەکەن.

پ. هەولێر

رۆژی ٢٠٠٥\١١\٨ لە نزیك شارۆچکەی هەریر و لە سەر جادەی سەرەکی باسرمە دوو ئۆتۆمبێل لەئەنجامی خێرایی زۆر خۆیان بە یەکدا کێشاو لە ئەنجامدا هەموو سەرنشینەکان گیانیان لە دەست دا .

پ. سۆران:

لەرۆژی ٢٠٠٥/١١/٥ لەئەنجامی دەرچوونی سیارەی ڤیکترا لەگەڕاجی سۆران . هەولێر لەڕێڕەوی خۆی خۆی کێشاوە بەسیارەی (کیا) کەچوار نەفەری تێدا بوون هەر چوار یان بەسەختی بریندار بوون خەڵکی مەڵەکانی خۆشناوەتین.

پ. (هەریر)

رۆژی ٢٠٠٥/١١/٥ لەسەر رێگای باسرمە . قەندیل سیارەی جۆری بی ئێم لەئەنجامی خێرای وەرگەڕا بەسەر ستونێکی تاوەر رۆخ شەقام کەوت بەتەوا تێك شکا (٣) کەس گیانیان لەدەستداو سێ کەسی تریش بەسەختی بریندار بوون.

پ.سیدەکان

رۆژی ١١/٥ لەگوندی سێشەممەی خەلیفان منداڵێك بەناوی (خەڵات) کەوتە بەر سیارەی هاوڵاتی چەقۆ بەسەختی بریندار بوو گواسترایەوە نەخۆشخانەی خەلیفان.

پ. سەهید صادق

بەرواری ٢٠٠٥/١١/٥ لەشارۆچکەی سەیدسادق بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلەکەیەوە ، هاوڵاتی (فرهاد محەممەد) گیانی لەدەستدا .. بەهۆی خێرایی لیخوڕینەوە ، ناوبراو ئۆتۆمبیلەکەی وەرگەڕاوەو گیانی لەدەستداوە کەخەڵکی گوندی (شانەدەرییە) .

دیاردەی دزیکردن لە سەید صادق

پ. سەهید صادق

بەرواری ٢٦لەسەر ٢٠٠٥/١٠/٢٧ لەشارۆچکەی سەیدسادق دوکانێکی مۆبایل لەلایەن دزەوە شکێنراو سەرەنجام بڕی (٣٠٠٠) سێهەزار دۆلار و (١٥) مۆبایل و (١٠٠)پاتری و (٢٥)شاشەی مۆبایل وهەندێ ووردەشتی دیکەی تایبەت بەمۆبایل دزرا . کەدوکانی هاوڵاتییەکی شارۆچکەکەیە بەناوی (ئەسرەوت) .

کاتژمێر (١.٥)ی شەوی بەرواری ٢٠٠٥/١٠/٢٢ لەشارۆچکەکەی سەیدسادق ولەماڵی هاوڵاتییەکی شارۆچکەکە بەناوی (وەستاکەریم) ،دزچووەتە سەرماڵەکەو تەواوی ئاڵتونی ژنەکەیو مۆبایلی ژنەکەیی براوە ، کە ئاڵتونەکان بایی (٦) وەرەقەی ئەمریکی بووە .

لە پێنجوین پۆلیسێك کوژرا

پ. پێنجوین

بەرواری ٢٠٠٥/١١/٣ لەشارۆچکەی پێنجوێن پۆلیسێك کەناسراوە بە (حەمە چاوجوان)کوژرا بەبێ ئەوەی تائێستا هۆکاری کوژرانەکەی دۆزرابێتەوە .شیاوی باسە ، ناوبراو کاتێك لەماڵ هاتووەتە دەرەوە لەلایەن چەن کەسێکەوە تەقەی لێکراوەو کوژراوە .

خانووی تەجاوز لەچوارقوڕنە

پ.چوارقوڕنە:

شەوی ٢٠٠٥/١١/٥\٤ لەچوارقوڕنەی رانیە ٤ هاوڵاتی کەخانووی تەجاوزیان کردبوو لەلایەن ئاسایشی چوارقوڕنە هەوڵی گرتنیان دراوە بەڵام راییان کردووە بۆ دەرەوەی شار لەرێگاکەوتوونەتە ناو بیری کشتوکاڵی بەتاڵ هەموویان تەختی لەبندار بوون.

راگری کۆلێژی پەروەردەی سۆران گۆڕا

پ.سۆران

رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٥/١٠/٣٠ بەئامادەبوونی (د. شەماڵ پاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و ژمارەیەکی بەرچاو لەمامۆستایانی زانکۆ پرۆفیسۆری پاریدەدەر (دارا جاف) وەك راگری کۆلێژی پەروەردەی سۆران دەست بەکار بوو، (ئەلوەند دزەیی) گواسترایەوە کۆلێژی کشتوکاڵ لەزانکۆی سەلاحەدین.

گەلە گورگێك لەباڵەکیان

پ. باڵەکیان:

٢٠٠٥/١١/٦\٥ لەکوێستانی هۆرنێی باڵەکیان کەتەوژمێکی بەهێزو زۆر ئەم کوێستانەی گرتبۆوە گەلەگورگێك پەلاماری رانەمەڕی هاوڵاتی گوندی لەمەحیدداوی دائەنجامدا (٦٠) مەڕی مردار بووە جگە لەمەش سەگێكو گوێدرێژێك کوشتووە. شوانەکەش خۆی حەشارداوە لەسەرمان خۆی لەژێر نایلۆن شاردبۆوە.

زێرابەکانی چۆمان

پ. چۆمان

لەگەڵ تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر پرۆژەکانی دروست کردنی زێرابەکانی قەزای چۆمان تاکو ئێستا ٢٠ هاوڵاتی بەهۆی ئەم زێراباتەوە وەکەوتوونە ناوی و بریندار بوون ئەم بەهۆی دواخستنی ئەم پرۆژەیەوە بووە دواجار مەلای ناوای کەوتوونە ناوی بەسەختی بریندار بووە.

لەحاجیاوا، ژنێك خۆی دەکوژێ

شەقام/پ. حاجیاوا:

رۆژی ١٣ی ئەم مانگە ژنێکی تەمەن ٢ ساڵ بەناوی (د) بەچەکی کلاشینکۆفەوە خۆی دەکوژێو هۆکاری خۆکوشتنەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەمێردەکەی دوو ژنی هەبووەو جیاوازی لەنێوانیاندا کردوون.

لەسەقز، کچێك خۆی دەسوتێنێت

شەقام. سەقز:

رۆژی ١٠ی ئەم مانگە کچێك بەناوی (ز. ص) لەشاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی بوونی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ خێزانەکەی خۆی دەسوتێنێو بەهۆی رێژەی زۆر سوتانەکەشی گیان لەدەست دەدات.

بەهۆی پەرەمێز، کچێك دەسوتێ

شەقام/پ. سلێمانی

رۆژی (٩) ئەم مانگە لەگەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی کچێك بەناوی (پ.ك.ع) بەهۆی پەرەمێزی حەمامەوە دەسوتێو گیان لەدەست دەدات، رێژەی سوتانەکەی (٨٥٪) بووە.

بەبەرد، پیاوێك دەکوژرێت

شەقام/پ. سلێمانی:

رۆژی ٤ی ئەم مانگە لەگەڕەکی ئاسایشی شاری سلێمانی لەئەنجامی کێشەی نێوان دوو خێزان هاوڵاتی (ر.ص) بەهۆی بەرکەوتنی پارچە بەردێکەوە گیان لەدەست دەدات، ناوبراو خاوەنی خێزانەو، لەلایەن پۆلیسی رزگاریشەوە کابرای تاوانبار دەستگیر دەکرێت.

لەبەردەم یانەی پێشمەرگە دوو کەس بریندار دەبن

شەقام/پ. سلێمانی:

شەوی ٤\٥ی ئەم مانگە لەبەردەم گۆڕەپانی یانەی وەرزشی پێشمەرگە لەسلێمانی هەردوو تیپی باسکەو تۆپی پێ دەبێتە شەڕیانو لەئەنجامدا بەهۆی بەرکەوتنی چەقۆوە دوو یاریزان بریندار دەبن.